# کۆ بونه وه ی ئه نجو مه نی نوێنه رایه تی بێگانه کان له شاری مانهایم ـئه لمانیا

**یو سف مه نتک**




له ئێواره ی 15،01،2007 کات شه شی ئێواره ئه نجو مه نی نوێنه رایه تی بێگانه کان له شار ی مانهایم به مه به ستی هه لبژار دنی سه رۆ کی نو یٚ و جێگر ی یه که م و دووه م، له به ر ئه وه ی سه رۆ کی یه که م به هۆ ی کار کر دنیه وه له شارێکی تر ده ستی له کار کێشا بۆ وه ، کۆ بونه وه یه کیان ئه نجام دا به نده ش بانگهێشت کرابومنیش تیا یدا ئاماده بوم . دوو فه رمانبه ری شاره وا نیش و ه ک چاو دێر و سه ر په رشتی هه لبژاردنه که یان ده کرد یه کێک له وا نه به رێوه به ری کارو باری بێگانه کان له مانهایم .

ئه م ئه نجو مه نه له سه ر تا سه ری شاره کانی ئه لمانیا دا پێک دێت به مه به ستی دروستکر دنی پر دێک له نێوان شاره وانی وهاوو لاتیا نی بێگانه ی نیشته جیٚ ی شاره کان کار ئاسانی له کارو باره کانیان ، ئه م ئه نجو مه نه پێک هاتوه له نوێنه رایه تی نه ته وه جیا جیاکانی که له م شاره ده ژین.

هه مو نه ته وه یه ک ده توانن به شداری هه لبژا ردن بکه ن بۆ دیا ری کر دنی نو ێنه ره کانیان له م ئه نجو مه نه به لاٌم به پیٚ ی رێژه یه کی یا سایی دیا ری کراو تا هه موو نه ته وه کان بتوا نن نو ێنه ریان هه بیٚ ، چو نکه نه ته وه هه ن ژماره یان زیاتره له وا نی تر ، ئه گه ر به پیٚ ی ژماره ی دا نیشتوانی نه ته وه کان بێت ئه وا زۆر نه ته وه هه ن ناتوا نن نو ێنه ریان هه بیت بۆ یه ش ئه م رێژه یا سا ییه دیاری ده کر ێت، ئه م ئه نجو مه نه چوار ساڵ جار ێک هه لده بژێر در یٚ .

مانها یم به شا ری نێو نه ته وه یی نه ته وه جیا جیا کان ناو ده بر یت ، له به ر ئه وه ی زۆر تر ین نه ته وه ی جیها نی تێدا ده ژیت ،ئه نجو مه نی مانها یم له 30 ئه ندام پێک هاتوه ، به لاٌم بۆ ئه م ئێواره کۆ بونه وه یه 29 ئاماده بون ، یه کێک له ئه ندامانی ئاماده بوبه ڕیز ئامانج کاوانی که سه ر به لیستی نه ورۆز ، ئه م لیسته له لاٌ یه ن کۆمه له کلتور ی و پارته سیاسیه کوردیه کانی پار چه کانی تری کوردستان نیشته جیٚ ی شار ی مانهایم به ناوی نه ورۆز ئاماده کرا بو له سالی 2004 به شد ا ری هه لبژار دنه کانی ئه نجو مه نی کر دبو که چه ندین هه ڵبژێر دراوی به شد ار بو ی ئه م لیسته ی تێدا بو،سه ره تا هه لبژێر دراوی لاٌیه نێک ده ر چوو بو به یه که م ده نگ به لاٌم ئه م به ڕێزه ته واو ی نه کرد وجیٚ ی هێشت ، دووه م ده نگ کاک ئامانج بوو هه لبژێر دراوی ناوه ندی ڕۆشنبیر ی کوردی ـ ئه لمانی جێگا که ی ئه وی گر ته وه ، ئێستا ئه م نو ێنه رایه تی کورده کانی شار ی مانهایم ده کات له ئه نجو مه نی بێگانه کانی ئه م شاره .

سه ره تا تسیلۆس نو ێنه ری گه لی یۆنان  سه رۆکی ئه نجو مه نی کاتی قسه ی کردو کۆ ڕه که ی به ڕێوه ده برد ، باسی سه ر جه م ئه م چالاکیا نه ی کرد که له ماوه ی ده ست به کار بونیان ئه نجامیان دابو ، باسی ئه وه ی کرد که چۆن نه ته وه جیا جیا کان له گه ل یه کتری بگو نجێن له کارو ژیانی ڕۆ ژانه دا ، دواتر بڕایسله ر به ڕێوه به ری کارو باری بێگا نه کان قسه ی کرد و گوتی : هه ر یه کێک له ئێوه مه سئولیه تێکی له سه ر شانه ده ست له ناو ده ستی یه ک کار بۆ خز مه تکر دنی شاره که بکه ن ، به توندی ڕه خنه ی ئه وه ی کرد که بۆ چی له کۆ بونه وه کانی تر ئاماده نابن به لام له به ر ئه وه ی ئه م کۆ بو نه وه یه هه لبژارد ن هه یه هه موتان ئاماده بون . زیاتر مه به ستی له تورکه کان بو پێ ده چو به ته گبیر هاتبون بۆ ناو کۆ بونه وه که له به ر ئه وه ی ئه وان زۆر ترین ئه ندا میان هه یه له ئه نجو مه ن که 14 ئه ندامن، وه زیاتر هانی ده دان که کار بکه ن ،سه رۆ کی کۆن به کر البوگا که به هۆ ی ئه وه ی ئێستا له شارێکی تر کار ده کا ده ستی له پله ی سه رۆ کا یه تی کێشا بۆ وه باسی دلسۆ زی و خۆ شه ویستی خۆ ی بۆ شا ری مانهایم و دانیشتونه که ی ده ر ده بڕی .

پرۆ سه ی هه لبژاردن ئه نجام درا ئه نجا مه که ی به م شێوه یه بو:




بۆ سه رۆ کی ئه نجو مه ن

تسێلۆ س   سه ر به نه ته وه ی یۆ نان  12 ده نگ

نوری   سه ر به نه ته وه ی تورک       16 ده نگ بو به سه رۆ کی ئه نجو مه ن

یه ک ئه ندام ده نگی نه دابو

بۆ جێگر ی یه که م

ڕه مه دانی    سه ر به نه ته وه ی ئه لبانی   17 ده نگ ڕه مه دانی بو به جێگر

لو نا تسی                                  10 ده نگ

دوو ئه ندام ده نگی  نه دابو

بۆ جێگری دووه م

ئه کپینار     سه ر به نه ته وه ی تورک                                   18 ده نگ  به ته نها خۆ ی هه لبژارد ، 11 ئه ندام ده نگیان نه دا بو

**گه لی کورد یش ده ی توانی ده ور ی گر نگ ببینن له م ئه نجو مه نه  زیا تر له 4ئه ندا میا ن هه بێت ، که چی به دا خه وه له به ر حزب حزبا نێ وخۆ په ر ستی هه ند ێ که س و لایه ن سو د له م ده فه ته وه ر نه گیرا ، به تا یبه تی خه لکی خۆ شمان زۆر ساردن بۆ به شدا ری له م  جۆ ره کارو چا لا کیا نه  ، ئه گه ر ده ست له ناو ده ست و به یه کگر تویی کار ی بۆ بکرا یه ، نو ێنه رانی کورد یش له  بڕ یار دان و هه لسوڕاند نی کار و باره کانی تا یبه ت به بێگانه کان جێ ده ستیان دیار ده بو.**

**کاریسۆ س تسێلۆس  یۆ نانی  39 سا له له شاری مانهایم ده ژی ، ئه ندامی ئه نجو مه نی کر یکارانی شه ریکه ی مارسدیسه له مانهایم ، 7سا له ئه ندا می ئه نجو مه نی نو ێنه را یه تی بێگا نه کانه له مانهایم ، چا لا کتر ین ئه ندامی ئه نجو مه نه که بو بۆ ڕا په ڕاندنی ئیش وکار ی بێگانه کانی مانهایم و ئه نجو مه ن ، زه وی بۆ گۆڕ ستانی موسلمانه کان له شاره وانی مانهایم وه ر گرت ئێستا موسلمانه کان گۆڕستانی خۆ یان هه یه،ده ی گوت من زیاتر کارم بۆ نه ته وه کانی تر کردوه له یۆ نانی، هیوادارم ئه م براده ره ی ئێستا بۆ ته سه رۆ ک بتوانی کاره کان به ڕێوه ببات به لام دلنیام ناتوانێ ، من توڕه نیم له وه ی ده ر نه چوم به لام با به کاره کانم بزانن که تا چه ند جێ ده ستی منیان پێوه دیاره ، ئێمه ی یۆ نانی دیموکراتیمان دا هینا .**

**تسێلۆس ئه ندا مه تی خۆ ی له ئه نجو مه نه که کێشا یه وه ، که سێکی تر له لیسته که ئه وان ده بێ به ئه ندام ، به تورکه کا نه وه دیار بو که به ر له کۆ بونه وه که ڕێکه وتبون له م کۆ بو نه وه یه دا هه مو یان ئاماده بن بۆ ئه وه ی یه کێکی خۆ یان ده ر بچێت به سه رۆ کی ئه نجو مه ن .**



2007، 16،01